# ئیسلام
# ئاینی فیترەت وئەقڵ وبەختەوەری

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

ئایا پرسیارت لە خۆت کردووە:
کێ خوڵقێنەری ئاسمانەکان وزەوی وئەوەی تێیاندایە لە خوڵقێنراوە مەزنەکان؟ کێ ئەم ڕێکخستە ووردەی تێدا دروستکردووە؟
ئەم گەردوونە چۆن ڕێکخراوە وجێگیرە بەپێی یاساکان ؛ کە زۆر بەوردی گەردوونیان ڕێکخستووە بەدرێژایی هەزارەها ساڵ؟
ئایا ئەم گەردوونە خۆی خۆی خوڵقاندووە؟ یان لە هیچەوە هاتووە؟ یان بە ڕێکەوت هاتۆتە بوون؟

## کێ تۆی خوڵقاندووە؟

کێ ئەم ڕێکخستە ورد وڕێکەی داناوە لە نێو ئامێرەکانی لاشەت ولاشەی بوونەوەرە زیندووەکان؟

هیچ کەسێك قبوڵی ناکات ئەگەر پێی بووترێت: ئەم خانووە هەیە بە بێ ئەوەی کەس دروستی کردبێت! یان پێی بوترێت: هیچ ئەم خانووەی هێناوەتە بوون! ئیتر چۆن هەندێك خەڵك باوەڕیان وایە کە ئەم گەردوونە مەزنە بەبێ خوڵقێنەر هاتۆتە بوون؟ چۆن مرۆڤی ئاقڵ قبوڵی دەکات ئەگەر پێی بووترێت: ئەم ووردی وڕێکیە لە گەردووندا بە ڕێکەوت هاتووە؟

بەدڵنیاییەوە خودایەکی مەزنی خوڵقێنەر هەیە کە بەڕێوبەری ئەم گەردوونەیە وئەوەی تێیدایە، ئەویش الله یە -سبحانه وتعالی-.

پەروەردگار -سبحانه وتعالی- زۆر پێغەمبەری بۆ ناردووین وچەندەها کتێبی خودایی بۆ دابەزاندوون، وکۆتایان قورئانی پیرۆزە کە دایبەزاندوە بۆ سەر کۆتا پێغەمبەر موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- ؛ کۆتا پێغەمبەری خودا، لە ڕێگای کتێبەکانی وپێغەمبەرانی:

• خۆی وسیفەتەکانی پێناساندوین، ومافەکانی خۆی لەسەر ئێمە و هەروەها مافەکانی ئێمە لەسەر ئەویش ڕونکردووەتەوە.
• ڕێنموێنی کردوین کە ئەو پەروەردگارە وهەموو خوڵقێنراوەکان ئەو خوڵقاندوویەتی، ئەو هەمیشە زیندووە وهەرگیز نامرێت، وخوڵقێنراوەکان لەنێو مشتی ئەودان وملکەچن بۆ دەسەڵات وڕکێف کردنی.
• پێمانی ڕاگەیاندووە لە سیفەتەکانی: زانست ؛ زانستی ئەو دەوری هەموو شتێکی داوە، ئەو (السميع:بیسەر) و (البصير:بینایە) وهیچ شتێك لە ئەو شاراوەنیە لە زەوی وئاسماندا.

پەروەردگار (الحي:زیندوو)ە وئەو ژیانی بەخشیووە بە هەموو خوڵقێنراوەکان -سبحانه وتعالی-، وئەو (القيوم:ڕاگرە) کە ژیانی هەموو خوڵقێنراوێك بەهۆی ئەو دامەزراو وبەردەوامە -سبحانه وتعالی-، خوای گەورە دەفەرموێت:(اللَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ وَلا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ) (اللَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ وَلا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ)

واتە: (خوا زاتێکە جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر پەرستراوی هەق نیە -جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر شایستەی پەرستن نیە- و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاونیەتی، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا)، کورسی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو خوای بەرزو بڵند و گەورەیە)[البقرة:255].

• پێمانی ڕاگەیاندووە کە ئەو پەروەردگارەیە کە ستایشکراوە بە سیفەتە کامڵەکان، وئەقڵ وهەستەوەرەکانی پێبەخشیووین کە پەی دەبەین بە سەرسوڕهێنەری خوڵقێنراوەکانی وبە دەسەڵات وتوانای ؛ ئەمیش ئاماژەیە بۆ مەزنی وهێز وکامڵی سیفەتەکانی ئەو زاتە -سبحانه وتعالی-، هەروەها فیترەتی لەنێو ئێمەدا چاندووە کە ئاماژەیە بۆ کامڵی ئەو زاتە میهرەبانە، وناکرێت هەرگیز سیفەتەکانی بە کەموکورتی وەسف بکرێت.
• فێری کردووین کە پەروەردگار لە سەرەوەی ئاسمانەکانیەتی وتێکەڵ نییە لەگەڵ جیهاندا وجیهان تێکەڵی ئەو نییە.
• بۆمانی ڕوون کردووەتەوە کە واجبە ملکەچی ئەو بین -سبحانه وتعالی- ؛ چونکە ئەو خوڵقێنەری ئێمە وگەردوونە وبەڕێوبەریەتی.

پەروەردگار خاوەنی سیفەتە مەزنەکانە وناکرێت هەرگیز بە پێویستی یان کەموکورتی وەسف بکرێت، پەروەردگار هیچ شتێکی لەبیر ناچێتەوە وناخەوێت وخواردن ناخوات، وناکرێت هاوسەر یان منداڵی هەبێت، هەر دەقێك شتێکی تێدا بێت کە پێچەوانەی مەزنێتی خوڵقێنەر بێت ؛ ئەوا لە وەحی ڕاست ودروست نییە کە پێغەمبەران پێی هاتوون -علیهم الصلاة والسلام-.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:(قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ * (قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاک وتەنها (1)ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ * ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ * ئەو خوایەی بێ نیاز وجێی نیاز وئومێدی (باوەڕدارانە) (2)لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ * لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ * کەسی لێ نەبووە ولەکەس نەبووە (3)وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ) وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ * وە هەرگیز هیچ کەس و هاوشێوە وهاوتای ئەو نییە(4))[الإخلاص:1-4].

ئەگەر باوەڕت بە پەروەردگاری خوڵقێنەر هەبێت.. ئایا هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان پرسیارت کردووە: ئایا مەبەست لە بونت چییە؟ وخوای گەورە چی لە ئێمە دەوێت، وئامانج لە بوونمان چییە؟

## ئایا دەکرێت خوای گەورە ئێمەی خوڵقاندبێت پاشان وازی لێهێنابین وفەرامۆشی کردبێتین؟ ئایا دەکرێت خوای گەورە هەموو ئەم بوونەوەرانەی خوڵقاندبێت بەبێ ئامانج یان بێ مەبەست؟

لەڕاستیدا پەروەردگار وخوڵقێنەری مەزن (الله) هەواڵی پێداوین بە مەبەست لە خوڵقاندنی ئێمە، ئەمیش بریتیە لە تەنها پەرستنی الله، وپێمانی فەرمووە کە چی لە ئێمە دەوێت! وپێمانی ڕاگەیاندووە کە تەنها ئەو شایستەی پەرستنە، ولە ڕێگای پێغەمبەرانەوە -علیهم السلام- ڕوونی کردووەتەوە کە چۆن بیپەرستین؟ وچۆن لێی نزیك بینەوە بە ئەنجامدانی فەرمانپێکراوەکان ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان؟ وچۆن ڕەزامەندی ئەو بەدەست بهێنین، وهۆشدار بین سەبارەت بە سزاکانی؟ وچارەنووسمانی ڕوونکردووەتەوە لە پاش مردنمان؟
وپێمانی فەرمووە کە ئەم ژیانە تەنها تاقیکردنەوەیەکە، ژیانی ڕاستەقینە وکامڵ لە قیامەتدایە لە پاش مردنمان.

پێمانی ڕاگەیاندووە ئەوەی الله بپەرستێت بەو شێوەیەی فەرمانپێکردووە، ودوور بکەوێتەوە لەو شتانەی نەهی لێکردووە ؛ ئەوا ژیانێکی خۆشی پێدەبەخشرێت لە دونیادا، ونیعمەتی نەبڕاوەی بۆ هەیە لە قیامەتدا، وئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی بێت وبێباوەڕ بێت بە ئەو ؛ ئەوا تووشی ناڕەحەتی وخەسارۆمەندی دەبێت لە دونیادا، ولە قیامەتدا سزا دەدەرێت بە بەردەوامی.

# چونکە دەزانین ناکرێت ئێمە بەردەوام بین لەم ژیانە بەبێ ئەوەی هەر مرۆڤێك پاداشتی کردەوەکانی وەرنەگرێت لە خێر وشەڕ ؛ ناکرێت ستەمکاران سزا نەدرێن وچاکەکاران خەڵات نەکرێن؟

پەروەردگارمان پێی ڕاگەیاندووین کە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو ورزگار بوون لە سزای ؛ تەنها بە هاتنە نێو ئاینی ئیسلام دەبێت، ئەمیش بریتیە لە ملکەچبوون بۆ ئەو وپەرستنی بە تەنها بەبێ بڕیاردانی هیچ هاوبەشێك، هەروەها ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی، وپابەندبوون بە شەریعەتەکەی بە ڕازی وقبوڵکردن، وپێمانی فەرمووە کە ئەو هیچ ئاینێك قبوڵ ناکات جگە لە ئیسلام، خوای گەورە دەفەرموێت:(وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ) (وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ) واتە: (وە هەر کەسێک دوای هەر ئاینێک بکەوێت جگە لە ئاینی ئیسلام ئەوە لێی وەر ناگیرێت و وە ئەو لە ڕۆژی دواییدا لە زەرەرمەندانە)[آل عمران:85].

هەرکەسێك بڕوانێتە ئەو شتانەی زۆرێك لە خەڵکی ئەمڕۆ دەیپەرستن ؛ دەبینێت کەسانێك مرۆڤ دەپەرستن، وئەوانی تر بت دەپەرستن، وکۆمەڵێکی تر ئەستێرەکان دەپەرستن وبەو شێوەیە، نابێت مرۆڤی ژیر هیچ شتێك بپەرستێت جگە لە پەروەردگاری جیهانیان کە کامڵە لە سیفەتەکانیدا، ئیتر چۆن خوڵقێنراوێکی وەکو خۆی یان خوارتر دەپەرستێت! نابێت پەرستراو مرۆڤ یان بت یان دار یان ئاژەڵ بێت!

هەموو ئەو ئاینانەی خەڵکی ئەمڕۆ پەیڕەوی دەکەن لە پەرستنەکانیاندا -جگە لە ئاینی ئیسلام- ؛ خوای گەورە قبوڵیان ناکات چونکە ئەم ئاینانە لە دروستکراوی مرۆڤن، یان ئاینی خودایی بوون پاشان لەسەر دەستی مرۆڤ شێوێنرا ودەستکاری کراون، لەبەرامبەردا ؛ تەنها ئیسلام ئاینی پەروەردگاری جیهانیانە، ناگۆڕێت ودەستکاری ناکرێت، وکتێبی ئەم ئاینە قورئانی پیرۆزە کە کتێبێکی پارێزراوە بەو شێوەیەی خوای گەورە دایبەزاندووە، هەتاوەکو ئەمڕۆیش لەنێو دەستی مسوڵماناندایە بەو زمانەی پێی دابەزێندراوە بۆ سەر کۆتا پێغەمبەر.

لە بنچینەکانی ئیسلام: دەبێت باوەڕت بە هەموو پێغەمبەران هەبێت کە خودا ناردوونی، هەموویان مرۆڤ بوون وخوای گەورە پاڵپشتی کردن بە نیشانە وموعجیزەکان، وناردوونی بۆئەوەی بانگەوازی بکەن بۆ پەرستنی الله بەتەنها بەبێ بڕیاردانی هاوبەش.کۆتا پێغەمبەر موحەممەدە -صلی الله علیه وسلم-، خوای گەورە ناردوویەتی بە شەریعەتێکی خودایی کە هەڵوەشێنەرەوەی شەریعەتەکانی پێغەمبەرانی پێشووە، هەروەها پاڵپشتی کردووە وسەری خستووە بە نیشانە وبەڵگە مەزنەکان، کە مەزنترینیان قورئانی پیرۆزە ؛ وتەی پەروەردگاری جیهانیانە، مەزنترین کتێبە مرۆڤایەتی ناسیبێتی، دەستەوەستانە لە پێکهاتە ورەوانبێژی وڕێکخستن وحوکمەکانیدا، ڕێنموێنی تێدایە بۆ هەق وڕاستی ومرۆڤ دەگەیەنێت بە بەختەوەری لە دونیا وقیامەتدا، وبە زمانی عەرەبی دابەزێندراوە.

زۆر بەڵگەی ئەقڵی وزانستی هەیە کە بە بێ گومان دەیسەلمێنن ئەم قورئانە قسەی پەروەردگارە -سبحانه وتعالی-، وناکرێت لە دروستکراوی مرۆڤ بێت.

لە بنچینەکانی ئیسلام: باوەڕهێنانە بە فریشتەکان، وبە ڕۆژی دوایی ؛ کاتێك خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو خەڵکی زیندوو دەکاتەوە لە نێو گۆڕەکانیانەوە بۆ لێپرسینەوە لەسەر کردەوەکانیان، بۆیە هەرکەسێك کردەوەی چاکی ئەنجامدابێت وئیماندار بێت ؛ ئەوا نیعمەتی نەبڕاوەی بۆ هەیە، وئەوەی بێباوەڕ بووبێت وکردەوەی خراپی کردبێت ؛ ئەوا سزای مەزن دەدرێت لە دۆزەخدا، ولە بنچینەکانی ئیسلام: باوەڕهێنانە بە قەدەری خوای گەورە خێر وشەڕی.

ئاینی ئیسلام مەنهەجێکی گشتگیرە بۆ ژیان، بەپێی فیترەت وئەقڵە، دەروونە ڕێکەکان قبوڵی دەکەن، خوڵقێنەری مەزن بۆ خوڵقێنراوەکانی دایناوە، وئاینی خێر وبەختەوەریە بۆ هەموو خەڵکی لە دونیا وقیامەتدا، جیاکاری ناکات لە نێوان نەتەوە ورەنگەکان، هەموو خەڵکی لە ئیسلامدا یەکسانن، هیچ یەکێك باشتر نییە لە یەکێکی تر لە ئیسلامدا مەگەر بەپێی کردەوە چاکەکان نەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:(مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِن فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰة طَيِّبَة وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ) (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) واتە: (هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بیکات و بڕواداریش بوو بێت ئەوە سوێند بە خوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژییەنین و سوێند بێ پاداشتیان بدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد)[النحل:97].

لەو شتانەی قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر دەکاتەوە ؛ باوەڕهێنانە بە الله وەکو پەروەردگار وپەرستراو، وبە ئیسلام وەکو ئاین، وبە موحەممەد وەکو پێغەمبەر، وهاتنە نێو ئاینی ئیسلام ؛ شتێکی واجبە وهیچ بژاردەیە بۆ مرۆڤ نییە لەمەدا، ولە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوە وپاداشتدانەوە هەیە؛ ئەوەی باوەڕدار وڕاستگۆ بێت ئەوا بردنەوە وسەرفرازی مەزن بەدەست دێنێت، وئەوەی کافر وبێباوەڕ بێت ئەوا تووشی خەسارۆمەندیەکی ڕەها دەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:(... وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰت تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ، (وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰت تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ * ئەو (یاسایانە) سنورەکانی خودان هەر کەسێک گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بێت (خوا) دەیخاتە ناو بەهەشتانێک کەڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا تیایدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی وەئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە (13)وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَاب مُّهِين) وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَاب مُّهِين * هەر کەسێکیش سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات و سنورەکانی (خوا) ببەزێنێت دەیخاتە ئاگرێکەوە هەمیشە دەمێنێتەوە تیایدا وەسزایەکی ڕیسواکەری بۆ هەیە (14))[النساء:14-13].

ئەوەی دەیەوێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە، دەبێت بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدًا رسول الله) واتە: (شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله وشاهێدی دەدەم موحەممەد پێغەمبەری خودایە)، وزانا بێت بە ماناکەی وباوەڕی پێی هەبێت؛ بەم شێوەیە دەبێتە مسوڵمان، پاشان پلە بە پلە یاسا وڕێساکانی شەریعەتی ئیسلام فێر بێت؛ بۆئەوەی ئەو واجبانە جێبەجێ بکات کە پەروەردگاری لەسەری واجبی کردووە.

ئیسلام

ئاینی فیترەت وئەقڵ وبەختەوەری

کێ تۆی خوڵقاندووە؟

ئایا دەکرێت خوای گەورە ئێمەی خوڵقاندبێت پاشان وازی لێهێنابین وفەرامۆشی کردبێتین؟ ئایا دەکرێت خوای گەورە هەموو ئەم بوونەوەرانەی خوڵقاندبێت بەبێ ئامانج یان بێ مەبەست؟

چونکە دەزانین ناکرێت ئێمە بەردەوام بین لەم ژیانە بەبێ ئەوەی هەر مرۆڤێك پاداشتی کردەوەکانی وەرنەگرێت لە خێر وشەڕ ؛ ناکرێت ستەمکاران سزا نەدرێن وچاکەکاران خەڵات نەکرێن؟